وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم یەک ملیار دینار بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی سلێمانی تەرخاندەکات

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار رەزامەندی نیشاندا لەسەر خەرجکردنی گوژمێی ملیارێک و 327 ملیۆن و 120 هەزار دینار بە سەرکایەتیی شارەوانیی سلێمانی بەمەبەستی گەیاندنی خزمەتگوزاری بە شوێنە جیاوازەکانی شارەکە.

وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بڕاویکردەوە، ئەو گوژمێیە لەسەر داهاتی سەرکایەتیی شارەوانیی سلێمانییە و بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی تایبەت بە داهات خەرجدەکرێت.

ئاشکراشیکرد، پارەکە بە دابینکردنی سووتەمەنی بە کارگێی قیری شارەوانی و گەیاندنی خزمەتگوزاری بە شەقام و کۆلانەکان و بەڕێوەبردنی هەمەتەکانی نەژێنکردنەوەی شەقامەکانی شاری سلێمانی خەرجدەکرێت.

هەروەها ڕۆژی دووشەممەش، 06-05-2024، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ڕەزامەندی نیشان دا لەسەر خەرجکردنی گوژمێی 465 ملیۆن و 795 هەزار دینار بە سەرکایەتیی شارەوانیی هەڵەبجە بە مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕێگاسازی.